نەبووی. جیا لە بیدنگیی گۆڕ ئاسا دەنگیکی تر نەدەبیسرا و لەم بیدەنگی‌یە رەهایە دا سەرلەنویٚ دەنگت هاتەوە: "دایکە! لیم گەریٚ قسان بکەم. مەترسە، مرۆڤ نابیٚ لە راستی‌یەکان بترسیٚ. ئەم راستیەی کە لیرە باس کراوە دووبارەیان کردۆتەوە. هەر کام لەمانە باسی حەقیقەتیان کردوە. تۆ ئەمە باش دەزانی: خۆت فیرت کردم حەقیقەت تیکەلیك لە راستیە جیاوازەکانە. ئەوانەی بە تاوانبارت دادەنین وەك ئەوانەی بەرگریت لیٚ دەکەن حەقی خۆیانە. بەلاٚم قەزاوەتی وان گرینگ نیە. دایك و باوکت راست دەلین کەس ناتوانیٚ بچیتە دەروونی کەسەوە، من شاهیدی بۆ ئەوە دەدەم. دایکە تەنیا منم دەتوانم بلیم بە بیٚ ئەوەی بم کوژی کوشتمت. تەنیا منم دەتوانم بلیم چۆن و لە مەر چی ئەم کارەت کرد. دایکە نەم دەویست لە دایك ببم. کەس ئەمەی ناویٚ. ئەم کۆتایی‌یە، لە نەبوون، هیچ کەس نایەویٚ لە دایك ببیٚ. هەلبژاردنیکیش لە ئارا دا نیە. جیا لە نەبوون هیچ شتیك وجوودی نیە. کاتیٚ جوولان دەست پیٚ دەکا و، ئیمەش لیی بە ئاگا دەبینەوە، ئەم پرسە لە خۆمان ناکەین کیٚ ئەم بریارەی داوە و، ناپرسین راستە یان چەوت. تەنیا پەسەندی دەکەین و چاوەروانی دەبین هەتا بەدیار بکەویٚ لە پەسەند کردنی رازین یان نا. من هەر زوو تیٚگەیشتم رازیم. ئەتۆش سەرەرای هەموو ترس و دلە خورپەکانت، باش توانیت قانعم بکەی لە دایك بوون جوانە و هەروەها سەرچاوە گرتن لە نەبوونەوە جوانە. پیت وتم کاتیٚ لە دایك بووی نابیٚ ئازار و مەرگ بیٚ هیوات بکەن. کاتیٚ یەکیك دەمریٚ واتە لە دایك بووە چونکە لە نەبوونەوە هاتوە و، هیچ شتیك خراپتر لە نەبوون نیە: خراپترین شت

ئەوەیە كەسیك ناچار بێ بلێ هەرگیز نەبووە. لە خۆبایی بوون و دلنیا بوونت ریگەی لێ هەلە كردم. لەخۆبایی بوونت وەك گەورەیی و هەیبەتی ئەو سەردەمە دوورانە بووكە ژیان بەو جۆرەی بۆت باس كردم پشكووت. بروام بە قسەكانت دینا. دایكە دەگەڵ ئەو شلەیەی تیی دا بووم هەموو بیرەكانتم دەخواردەوە. هەر بیریكت پەیامیك بوو بۆ من. لەمە زیاتر چیتر دەیتوانی ببێ؟ جەستەی من وەهمیك بوو كە لە لایەن بەرەكەتی تۆوە گەشەی دەكرد؛ رووحی من بەلینییەك بوو كە لە لایەن تۆوە و بەرەكەتی بوونت بەرگی راستی بەبەردا دەكرا. ئەوەی پیت دەوتم فیری دەبووم و، ئەوەی پیت نەدەوتم لیێ بێ ئاگا دەمامەوە: سەرچاوەی رووناكی و ویژدانی من تۆ بووی. كاتێ بۆ ئەوەی من بینیە سەر دنیا بەرەنگاری هەموو كیشەیەك دەبوویتەوە، پیم وابوو ژیان مەوهیبەتیكی بێ وینەیە.

"بەلاَم پاشان شك و گومانی تۆ زیادی كرد. جار جار پیت هەلدەگوتم، جارجاریش هەرەشەت دەكرد. جاری وابوو دلسۆزی و خۆشەویستیت نیشان دەدا جارجاریش رق. جار هەبوو بویر بووی جار هەبوو دەترسای. رۆژیكیان بۆ ئەوەی لە شەری ترس رزگار ببی بریاری هاتنە سەر دنیات بە خۆم سپارد. پیت وتم فەرمانی منت جیبەجێ كردوە و مەیل و ویستی خۆت وەبەرچاو نەگرتوە. بەوە تاوانبارت كردم كە من ئاغای تۆم و تۆش قوربانیی منی، نەوەك من قوربانیی تۆ بم. پرتە و بۆلەت لە سەر كردم چونكە ئازارم دەدای. بگرە شەرت لە گەڵ منیش دەكرد و دەتگوت ئەمە ژیانە: داویكی بەتاڵ لە ئازادی، بەختەوەری و، ئەوین. چالیكی پر لە دیلی و توندوتیژییە،

هەلویستەیەك بووی. بە مەرگی تەنیا کەسیك ژیان ناوەستێ. ژیان پێویستی بە تۆ نەبووە. ئەم دەرد و ئازارە بە کەلکی شتیك یان کەسیك هاتوە. بەڵام ئەو منداڵەی دەمرێ و، ئەو دایکە حاشا لە دایکایەتی دەکا بە کەلکی چی دین؟ بە کەلکی ئەخلاقییەکان، مەزهەبیەکان یان شۆرشگێرەکان؟

بەم پێیە دەبێ بپرسین کامە لەمانە قازانج لەم سەربردەیە دەبا و دەنگی دادگایەك کە کەسانیکی وا پیکیان هیناوە چ دەبێ. ئایا من شایانی ئەوەم ببەخشریم یان سزا بدریم لەلایەن ئەوانەوە؟ ئایا قازانجم بۆ ئەخلاقیەکان، لایەنگرانی ماف، مەزهەبیەکان و شۆرشگێرەکان هەبووە. ئایا گوناهی من ئەوە بووە بوومە هۆی کوشتنی تۆ و جەرگی خۆم یان ئەوەی کە رووحیکم بە تۆ دا کە ئەتۆ ئەو رووحەت نەبوو؟ گوێ رابگرە چلۆن مشت و مر دەکەن و هاواریان دێ: ئەم ژنە تەوهینی بە خودا کردوە، نا، سووکایەتی بە ژنان کردوە؛ ئەو لەبەر کیشەکان رای کردوە. ئەو خۆی تووشی کیشە کردوە؛ زانیویەتی ژیان پیرۆزە، زانیویەتی ژیان بێ واتایە. خۆزگە نەهینیی بوون و نەبوون بەم رستەیە یان ئەو یاسایە جیبەجێ دەبوو و خۆزگە هەر کەسە بۆخۆی ریگەیەکی جیاوازی نەدەدۆزیەوە. سەد خۆزگە دۆزینەوەی حەقیقەتیك، حەقیقەتیکی دژی بەرهەم نەدەهینا و خۆزیا هەر دوو حەقیقەتەکە راست نەدەبوون. ئامانجیان لەم کیشە و دەمە تەقانە چیە؟ دەیانەوێ دیاری بکەن عەدالەت لە کوێیە؟ بچکۆلە حەق بە تۆ بوو. حەقیقەت لە هەموو شوینیکە. لە هەر ویژدانیك لە ویژدانە بێ ئەژمارەکان پیك هاتوە: من هەمان دوکتور، خانم دوکتور و هاوریکەم و بەردەستی

بۆ دروست کردنی هاوسەنگی ئەتۆ حوکمی ئیعدامم بەریوەبەری. زۆر شت هەن دەبێ بیانکەم. تۆ ئەم کارانەت قەت دەست پێ نەکرد، ئەدی من بۆ دەستم پێ نەکردن. بۆ وینە دەبێ زۆرتر خۆم هیلاك بکەم و بیسەلمینم لە پیاویك کەمتر نیم. دەبێ شەر دەگەڵ ئەو کەسانە بکەم هیمای سەرسوورمان بە ئاسانی دیننە گۆڕێ و، وابکەم لە خەلك گەلی پرسیار بۆخۆیان داریژن. دەبێ هەستی بەزەیی بەرامبەر بە خۆم بکوژینمەوە و، دان بەوە دابنیم تامی ژیان ئازار نیە. تامی ژیان بەختەوەرییە. بەختەوەریش بوونی هەیە. بەختەوەری لە بەدوادا گەرانی بەختەوەریدا خۆی حەشارداوە. سەرەنجام دەبێ ئەو نهینی و رەمزەی ناوی خۆشەویستییە بەرەی لە سەر لادەم. باسی ئەو خۆشەویستییە ناکەم لە جیگەدا و بەدەست پیدا هینان بە سەر لەشماندا هەلی دەلووشین، بەلکو ئەو خۆشەویستییەی گەرەکم بوو دەگەڵ تۆ لیی تیبگەم. بچکۆلە جیگەت بەتالە. بەنەبوونی تۆ وا هەست دەکەم چاو و دەست بگرە دەنگم نیە، هەست بە کەمی دەکەم. سەرەرای ئەمانەش ئیستاکە کەمتر لە ئەمرۆ بەیانی و دوینێ بۆت پەرۆشم. بۆ پیکەنین دەبێ. دەلین دەرد و ئازار بە کاتژمیر کاتژمیر کەمتر دەبیتەوە و، هەست دەکەی سووك دەبیتەوە. لوورەی گورگەکان لە دوورەوە دێ و بانگم ئەکەن. هەر کە نزیك بوونەوە هەست ئەکەم و دوایان ئەکەوم. بە راستی ئەم گشتە ئازار و کویرەوەرییە تاقەت پروکینەم تەحەمووڵ کردوە؟ ئەمە بە دلنیا نەبوونەوە لە خۆم دەپرسم. جاریکی لە کتیبیك دا خویندمەوە ناخۆشترین عەزاب بۆ مەحکومیك ئەو کاتەیە ئازاد دەکرێ و بەوپەری سەرڵی شیواویەوە لە خۆی دەپرسێ: چۆن توانیم

ئەم دۆزەخە تەحەموول بكەم؟ قسەیەكی گەلی راستە، ژیان گەلی سەیرە. برینەكان بە خێراییەكی شیتانەوە ساریژ دەبنەوە و، ئەگەر شوێنی برینەكان دیار نەبێ هەست ناكەین لە جێگەیانەوە رۆژیكی لە رۆژان خوێنیان لێ تكاوە. بلیی جێگەی ئەم برینەش زوو ساریژ بێتەوە. بێشك ئەم برینەش باش دەبیتەوە. حەز دەكەم جێگەی ئەم برینەش نەمینێ!. كەواتە هەر ئیستا وینەكەت لە دیوار دەكەمەوە و چیتر ناهیلم چاوانت ئەفسونم بكەن. وینەكانی‌تریش دەشارمەوە و دەیاندرینم. ئەو بیشكەیەی وەك تابوت دەگەڵ خۆم هیناومە لەت وپەت دەكەم و دەیسوتینم. جل و بەرگەكانیش لا دەبەم و رۆژیكی دەیاندەم بە كەسیكی‌تر. یان واباشتر ئەوانیش فرێ بدەم. دەچمە لای دوكتور و پێی دەلێم ئیستا رازیم و ئەم رۆژانە دەرت دینم. پاشان تەلەفۆن بۆ باوكت یان هەر كەسیكی دیكە دەكەم و دەگەلی دەخەوم. ئیدی لە داوین پاكی بیزار بووم. ئەتۆ مردووی و من زیندووم. زیندووم و ئیدی پەشیمان نیم. هیچ محاكمەیەكیشم قبووڵ نیە. هیچ حوكمیك تەنانەت گەردن ئازایی تۆشم گەرەك نیە. گورگەكان لەم نزیكانەن. من هیشتا ئەوەندەم هیز و توانا هەیە سەد جاری‌تر، بێ ئەوەی پیویستم بە یارمەتی بە خودا و كەسی‌تر هەبێ ئەتۆ بینمە سەر دنیایە... خودایەگیان، لەم ژان و دەردەی! لە پر تیك چووم. دوبارە چی‌یە؟ دوبارە بروسكە ژان. وەك رابردوو هەتا سەر میشكم دەچێ و دەلیی كونی دەكا. لە ئارەقەدا شەلاڵ بووم. تەبم چۆتە سەرێ. بچكۆلە كاتی هاتووە، كاتی لیك جیا بوونەوە. من ئەمەم ناوێ، بە كەچكیك دەرتبینن و بتخەنە سەتلی زبلەوە. نامەوێ بەلام چارم ناچارە. ئەگەر بە پەلە

